# جەلالی میرزا کەریم.....
# دەنگێکی پڕشنگداری نوێخواز



**سامی شۆڕش**

سەرەتایساڵی (1970) جەلالی میرزا کەریم ناسی. ئەوسا قوتابیی ساڵی یەکەمی زانکۆ بووم لە بەغدا. دەستی شیعر نووسینیشم هەبوو، بەڵام زۆر تازە بووم لە شیعرنووسین. ئەوسا بەغدا ناوەندێکی گەورەی بزووتنەوەی رۆشنبیریی کوردی بوو، بەتایبەتی دوای رێککەوتننامەی یانزەی ئازار جموجۆڵێکی رۆشنبیریو ئەدەبیو هونەریی فراوانی کوردی کەوتبووە بەغدا. لەناو گەرمەی ئەو چوستو چالاکییە رۆشنبیریو ئەدەبییەی بەغدا، هەر زوو جەلالی میرزا کەریم ناسی، چونکە ئەوسا شاعیرێکی تازەخوازو ئەکتیڤ بوو. ناسینی جەلالی میرزا کەریم بۆ یەکێکی وەکو من کە تازە دەستم دابووە شیعرنووسین کارێکی گەورەو سەرەتای ئەزموونێکی گەورەی دروست دەکرد. ئەوکات هێشتا شێرکۆ بێکەس و حسێن عارفم نەناسیبوو. تازە رۆژنامەی هەفتانەی هاوکاری دەستی بە دەرچوون کردبوو، چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو بوو، ئەوەبوو لەگەڵ ئەزموونی خوێندنم لە زانکۆ، یەکەم بەرهەمی شیعریی خۆمم لە هاوکاری بڵاوکردەوە، یەکسەریش دوای بڵاوبوونەوەی شیعرەکە، کەوتمە ئیش لەناو ستافی رۆژنامەکە.

جەلالی میرزا کەریم ئەوسا سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەی هاوکاری بوو، ئەو کارکردنەی من لە ڕۆژنامەی هاوکاری زەمینەی ئەوەی لەبەردەم خۆشکردم کە زۆرتر بیناسم و دواتر (شێرکۆ بێکەس‌و حسێن عارف)یشم ناسی. ئەوانیش دوو هەڵگری ئەزموونی نوێخوازی بوون لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا، بۆیە بۆ من لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی یەکەمی خوێندنی زانکۆم، پەنجەرەیەکی گەورەی ڕۆشنبیریش لەبەردەممدا کرایەوە لە ڕێی کاك جەلالەوە. جەلالی میرزا کەریم ئەوەندەی من ناسیم بیروڕایەکی زۆر قووڵ‌و گەرمی هەبوو دەربارەی نوێخوازی. ئەوسا بەغدا بووبووە مەڵبەندی نوێخوازی نەك هەر لە ناو شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا، بەڵکو لە ناو شیعرو ئەدەبیاتی عەرەبیشدا. عەرەبی عیراق بەتایبەتی شاعیرانی نوێخوازی عیراقی (فازل عەزاوی‌و ئەنوەر غەسانی‌و سەلاح فایەق)و کۆمەڵێکی دیکە. ئەوانیش لە باری خۆیانەوە خەریکی داڕشتنی سەرەتای شیعرێکی تازەبوون، دەستپێکی شیعری تازە لەناو شیعری عەرەبیدا. ئەوانیش پەیوەندی‌و یەکتردیتن‌و مشتومڕیان هەبوو لەگەڵ ئەو کۆمەڵە نوێخوازەی مەیدانی شیعری کوردی کە جەلالی میرزا کەریم یەکێکیان بوو. ئەوەی زۆرتریش ئەو پردەی دروست کردبوو لە بەینی هەردوولا، هەر ئەوبوو، چونکە لە وەزارەتی ڕاگەیاندنی بەغدا ئیشی دەکرد، لە بەشی وەرگێڕان، لە ڕێی وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە پەیوەندی‌و هامشۆو یەکتردیتنی لەگەڵ شاعیرە نوێخوازە عەرەبەکان زۆر گەرم بوو.

من لە ڕێی جەلالی میرزا کەریمەوە تێکەڵاوی ئەو ئەزموونە بووم. تێکەڵاوییەکەش تێکەڵاوییەکی ڕاستەقینەبوو، چونکە جەلال پیاوێکی زۆر خۆڕسك‌و دڵسۆز بە شیعرو ڕۆشنبیری‌و خوێنگەرم بوو. لە ڕۆژنامەی هاوکاری بووە سکرتێری نووسین، دواتر ئەو ڕۆژنامەیە چەندین هەنگاوی گەورەی بەخۆیەوە دی. وایلێهات لە ماوەی ساڵێکدا بووە قیبلەی ڕۆژنامەگەریی لاوانی کورد. ئەوکات ڕۆژنامەکە هەفتانە بوو، کە دەهاتە بازاڕ خەڵك ڕێزیان لێدەگرت‌و لە سەعاتی یەکەمی بڵاوبوونەوەیدا نەدەما، بێگومان ئەوەش پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە جەلالی میرزا کەریم هەوڵی دەدا لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە لەبەردەم بەرهەمی ئەدەبیی لاوان و نەفەسی نوێخوازی بکاتەوەو هەرچی زۆرترین خەڵکی لاو هەبوو لە دەوری ڕۆژنامەکە کۆبکاتەوە. زۆربەی کات خەریکی باسی شیعری تازەو ئەزموونی تازەی ڕۆشنبیری بوو. هەوڵی دەدا لە خەڵك بگەیێنێ کە شیعری تازە زادەکی تەبیعی گۆڕانە کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیرییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردییە، شتێکی غەریب نییە سەپێندرابێ بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا، وەك ئەوسا ڕێچکەیەکی دیکەی کۆنخواز هەبوو، هەموو دەم هەوڵیان دەدا ئەوە لە خەڵك بگەیێنن کە ئەو نوێخوازییەی تازە داهاتووە شتێکی هێنراوە، شتێکی سەپێنراوە لە دەرەوە بەسەر ئەدەبیات‌و شیعری کوردیدا. بەڵام جەلالی میرزا کەریم زۆر بە زمانێکی پاراو و بە بەرهەمی بەپێز، بە تاقیکردنەوەی قووڵ‌و ڕەسەن، بە کاری ڕۆژنامەگەری، بە نووسین و شیعرو چالاکی هەوڵی دەدا ئەوە بگەیێنێ.. نەخێر ئەو نوێخوازییە شتێکی سەپێنراو نییە، بەڵکو شتێکی خۆڕسکەو کارێکی ئاساییە لە ناو هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤدا گۆڕان‌و بەرەوپێشچوون دەبێ. شیعری تازەش دێتە پێش، زۆر شتی تازە دێنە پێش لە مەیدانی ژیاندا و ئەو شیعرە نوێیەش یەکێکە لەو شتە تازانە. من ئەوە لەوەوە فێربووم.

زۆر نزیکی جەلالی میرزا کەریم بووم، نەك هەر لە ڕۆژنامە کارم لەگەڵی دەکرد، بەڵکو بەیەکەوە لە یەك خانوودا دەژیاین. بۆ ماوەی چەندین ساڵ، لە ڕێی ئەو تێکەڵاوییەم زۆر شتی لێوە فێربووم، یەك لەو شتە باشانەی کە فێری بووم ئەوەبوو، تێکەڵاوی ژیانی ڕۆشنبیری ببم. من ئەو کات کە تازە چووبوومە بەغدا، زۆری نەبرد کەوتمە ژیانی ڕۆژنامەگەرییەوە، لە ئەنجامیشدا هەر ئەو بوو زۆر هەوڵی لەگەڵم دەداو هانی دەدام کە کاری گەرم بکەم لەناو ڕۆژنامەکە. وایلێهات ساڵێکی نەبرد منی تازە دەستپێکردوو بوومە لێپرسراوی لاپەڕەی ئەدەب‌و ژیان لە هاوکاری و هەتا کۆتایی ساڵی 1973 بەڕێوەم دەبرد. هەوڵ‌و تەقەللاکانی جەلالی میرزا کەریم لە حەقیقەتدا زۆر قووڵتر بووەوە، کاتێك توانیی لەگەڵ شێرکۆ بێکەس و حسێن عارف بەیەکەوە هاوکارییەکی ئەوتۆ بکەن کە بزووتنەوەی (ڕوانگە) دروست بکەن. ئەو نوێخوازییەیان لە قاڵبی پەرت‌و بڵاوی دەرهێنا، خستیانە ناو قاڵبێکی گونجاو، قاڵبێکی بە بەرنامە. جەلالی میرزا کەریم زۆر ئەکتیف بوو لە ناو بزووتنەوەی ڕوانگەدا. لە دەوری

ئەو شاعیرو ئەدیبو چیرۆکنووسە گەورانەدا، ئێمەش کۆمەڵێك لاو بووین دەورمان دابوون. من و سەلاح شوان و رەفیق سابیرو ئەنوەر جاف و ئەوانی دی. لەولاوە لەتیف هەڵمەت و لەتیف حامید و ئەحمەد شاکەلی و ئەنوەر شاکەلی هەبوون کە ئێستا بە فەرهاد شاکەلی ناسراوە. هەر هەموومان هەریەکەو بەشێوەیەك دەوری ئەو بزووتنەوەی روانگەیەمان دابوو. بە بەرهەم و نووسین و ئیشی رۆژنامەگەری هەوڵمان دەدا پەیامەکەی بگەیێنین. لەو پانتاییەدا جەلال بەخۆیو ئەزموونو بەرهەمە شیعرییەکانییەوە مامۆستایەکی زۆر گەورەبوو و کارو تەئسیری ئەو قەت لە بیر ناکرێ لەناو تاقیکردنەوەی نوێخوازیی شیعری کوردیدا. هەرچەندە جەلالی میرزا کەریم یەکێکە لە داهێنەرانی گروپی روانگەو یەکێکیشە لە داینەمۆکانی ئەو گروپە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ شێرکۆ بێکەس و حسێن عارف کەمتر ناوی دێت. ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە:

هۆکاری یەکەم ئەوەیە، کە جەلالی میرزا کەریم بەپێچەوانەی شێرکۆ بێکەس و حسێن عارف، ئەو کات لە سەرەتای دروستبوونو گەلاڵەبوونو خەملانی بزووتنەوەی روانگەدا چەند کارێکی دیکەشی دەکردو کەسێکی سەرقاڵ بوو. لە وەزارەتی راگەیاندنی بەغدا کاری دەکرد. ئیشی وەرگێرانی کوردیو عەرەبیی دەکرد. سەرباری ئیشی وەزیفی، سکرتێری نووسین بوو لە رۆژنامەی هاوکاری، ئەوەش وەختێکی زۆری لێ دەویست. لەو بەرامبەرەدا حسێن عارف و شێرکۆ بێکەس دەستبەتاڵتربوون، هەر خەریکی یەك ئیش بوونو خەریکی شیعرو چیرۆکنووسین بوون. جگە لەوە جەلالی میرزا کەریم زۆرتر خەریکی رێکخستنی بزووتنەوەکە بوو، کۆبووونەوە کردن، لە کوێ دادەنیشن؟ باسەکان چین؟ چی بنووسرێتەوە؟ بەیانەکان چۆن بنووسرێن؟... واتا کاری دارشتنی وردەکاریی روانگە بوو. هەروەها ئیشێکی گرنگی دیکەشی لە ئەستۆ بوو، ئەویش تەعبیرکردن بوو لە بزووتنەوەی روانگە لە بواری رۆژنامەی هاوکاریدا. ئەوسا مەیدانی بلاوکردنەوە لەبەردەم بزووتنەوەی روانگە زۆر تەسك بوو، بەتەنیا رۆژنامەی هاوکاری هەبوو. بۆیە دەبوایە کارێك بکرێ ئەو رۆژنامەیە دەرگایەك بکاتەوە بەسەر ئەو بزووتنەوەیەدا هەتا روانگە بتوانێ دەنگی خۆی بگەیێنێ. ئەوەی زەمانەتی بەردەوامبوونی ئەو دەرگایەی هاوکاریی دەکرد لە بەردەم روانگەدا جەلالی میرزا کەریم بوو. ئەوەش ئیشی عەمەلیی و ماندووبوونی دەویست، لەبەر ئەمانە کەمتر کاتی هەبوو خەریکی شیعرنووسین بێت. لەو رووەوە جەلالی میرزا کەریم داینەمۆ بوو. بیرم دێ شێرکۆ بێکەس لە سلێمانی بوو. لە سلێمانییەوە جارجار دەهاتە بەغدا بۆ ئەو ئیشوکارانەی روانگە. حسێن عارف لە بەغدا بوو، بەڵام وەزعی سیاسی رێگربوو لەوەی کە بتوانێ بەشێوەیەکی زۆر ئەکتیف چالاك بێ لەناو مەزدای بزووتنەوەکەدا. ئەوەی مابووەوە لە بەردەست کە زۆر ئەکتیڤانە دەجووڵایەوەو ئیشەکانی رادەپەڕاند جەلالی میرزا کەریم بوو.

لێرەدا، نابێ ئەوەمان لە بیرچێ کە هەردوو برادەرەکەی تر (حسێن عارفو شێرکۆ بێکەس) هەردووکیان دوو ئەدیبی گەورە بوون، شێرکۆ شاعیرێکی گەورە بوو، حسێن چیرۆکنووسێکی گەورە بوو. ئەوانیش لە مەیدانی ئیشەکانی خۆیاندا هەوڵیان دەدا لە رێی بەرهەمەوە پەیامی روانگە بگەیێنن، لە رێی شیعرو چیرۆکەوە پەیام بگەیێنن، بەڵام جەلالی میرزا کەریم دەیویست لە رووی شیعرو ئیشی رۆژانەو خۆشکردنی زەمینەو کردنەوەی رێگا لە بەردەم بزووتنەوەی روانگەدا ئەو پەیامە بگەیێنێ.

پێم وایە جەلالی میرزا کەریم لە ماوەی ئەو نوێخوازییەی لە قۆناغی روانگەدا توانیی کەسایەتییەکی شیعریی زۆر سەربەخۆ بۆ خۆی دابمەزرێنێ، پێش روانگە جەلال شاعیرێکی دیار نەبوو، شاعیرێك نەبوو دەستو پەنجەی خۆی بەسەر پانتایی بزووتنەوەی شیعرەوە زەق کردبێتەوە. بەڵام لە قۆناغی روانگەدا ئەوەی پێکرا، لەبەر کۆمەڵێك هۆ. یەکەم: توانیی زمانێکی شیعریی تایبەتی بۆ خۆی دابرێژێ. ئەگەر بەرهەمەکانی جەلالی میرزا کەریم بخوێنینەوە دەبینین ئەو تاقیکردنەوە شیعرییە خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیەتی. بۆ نموونە زمانێکی زۆر راستەوخۆی هەبوو، بەڵام راستەوخۆیەکی زەحمەت، کە عەرەب پێی دەڵێن (السهل الممتنع). دووەم: ئەو زۆرتر بایەخی بەوە دەدا لە خەمو ئازارو ژانی سیاسیی میللەتەکەی خۆی نزیك بێتەوە. لەناو روانگەدا هەوایەك دروست بووبوو کە ئەویش ئەوە بوو، دەکرێ شاعیرو ئەدیبو چیرۆکنووس زۆرتر خەریکی خەمە تایبەتییەکانی

خۆیان بن، خەریکی خەمە مرۆییەکانی خۆ بن، خەریکی وردەکارییەکانی پانتایی ژیان بن نەك هەر سیاسەت. جەلالی میرزا کەریم خەسڵەتەکەی ئەوەبوو لە رێی شیعری تازەوە هەوڵی دەدا لە ژانو خەمی کۆمەڵگە نزیك بێتەوە. ئەگەر شیعرەکانی ئەو قۆناغەی بخوێنینەوە، دەبینین هەمووی باسی وەزعو حاڵی میللەتەکەیتی، بەڵام بە زمانێکی تازە. ئەوەش زۆر زەحمەت بوو و بە کەم کەس دەکرا، لەبەر ئەوەی شیعری تازە دوورکەوتبووەوە لە ژانی جەمعی زیاتر خۆی نزیك کردبووەوە لە ژانی تاکە کەس. جەلالی میرزا کەریم توانیی ئەو پەیوەندییە بپارێزێ. سێیەم: کاك جەلال توانیی شتێکی زۆر گەورە بکات - بێگومان شێرکۆو حسێن عارفیش پێیان کرا، بەڵام جەلال زۆر بەزەقی توانیی بیکات — ئەویش تێکەڵاوکردنی تاقیکردنەوەی تازەگەرێتی عەرەبی بوو لەگەڵ شیعری تازەی کوردیدا. جەلالی میرزا کەریم ئەوەی پێ کرا چونکە لەناو رۆشنبیرانی عەرەب بوو. زۆر ئاگاداری تاقیکردنەوەکانی ئەوان بوو. زۆر بەدیققەت بوو. متابەعەی دەکردن. دەیزانی وردەکارییەکانی تاقیکردنەوەی نوێخوازی لەناو شیعری عەرەبیدا چییەو چی نییە. بۆیە ئەو ئەزموونەی بەشێوەیەکی زۆر کوردییانە دەگواستەوە ناو شیعری نوێی کوردی. ئەوەش تایبەتمەندییەکی جەلالی میرزا کەریم بوو.

ئەگەر تەماشا بکەین لە ماوەی روانگەدا جەلالی میرزا کەریم چەندین پارچە شیعری نووسی، بەڵام نەك زۆر. ئەو شیعرانەی ئەو دەینووسین جێ پەنجەیان دیاربووو لە بەرهەمی کەڵە ئەدیبەکانی ناو روانگە کەمتر نییەو بەراستی جەلالی میرزا کەریم تاقیکردنەوەیەکی زۆر قووڵو بەرفراوانی بزووتنەوەی روانگە بوو. هەر کاتێك، هەر کەسێك، بیەوێت لە بزووتنەوەی روانگە تێبگات یان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات و لە ئاسۆکانی وردبێتەوە، بەبێ وردبوونەوەو خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم ئەو کارەی پێ ناکرێ. چونکە روانگە لە شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریمدا زۆر بەزەقی رەنگی دابووەوەو لە هەمووان زیاتر ئەزیەتی لەپێناویدا خوارد بوو. کاك جەلال شاعیرێکیبە تەحەممولیش بوو. نەفەس درێژ بوو. هێمن و لەسەرەخۆبوو. دڵسۆزی وشەی کوردی بوو. بە هۆشمەندیەوە نوێخوازبوو. بۆیە کارێکی وای کرد روانگە هەتا ئێستاش بەزیندوویی بمێنێتەوە. ئەگەرچی ئێستا ئێمەومانان بەشکڵێکی پێویست هەقی خۆی نادەینێ، بەڵام جەلالی میرزا کەریم لە رێی بەرهەمەکانییەوە قۆناغێکی زۆر گرنگ پێکدەهێنێت لە شیعرو ئەدەبیاتی تازەی کوردیدا.

